# حکوومەتی سووریە ، لە کوشتنی (ڕەفیق حەریری)ەوە بۆ خۆ پێ کوشتنی غازی کەنعان

**خەلیل غەزەڵی**



ڕاگەیەنەرە (کونترۆڵ کراوەکانی) سووریە ڕایانگەیاند "غازی کەنعان"وەزیری ناوخۆی حکوومەتە مافیاییەکەی بنەماڵەی ئەسەد و نیزامییە شەریکە دزەکانیان ، خۆی کوشتووە. ئەوە یەکەم جار بوو کە تەنانەت لایەنێکیش (چ حکوومەتی و چ مەدەنی) پەیدا نەبوو باوەڕ بەو خۆکوژیە بکات . هۆیەکشی ئاشکرایە .

غازی کەنعان ، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یەکێک لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی سووریە (بەرپرسی ئیستخباراتی سووریە) لە لوبنان بووە . ناو براو ماوەیەکی زۆر ئەم بەرپرسایەتییە لە ئەستۆ بووە . بێگومان وەک پیشەی هەر حکوومەتێکی دیکتاتوری ، کە سەرکردەکانی ناوەندە ئیتلاعاتی و ئیستخباراتیەکان هەمەکارەن، "غازی کەنعان" یش لە لوبنان ، دەمڕاستی حکوومەتی سووریە بووە و ئاگادار و شەریکی هەموو جەنایەت و فەساد و پیلانەکانی سووریە لەم وڵاتە بووە . هەروەها بە پێی کار و بەرپرسایەتیی ، شارەزای هەموو کارە ئیستخباراتی و جاسووسیەکانی سووریە لە لوبنان بووە و هەموو تۆڕە تیروریستی و جاسووسیەکانیشی ناسیوە . بۆیە خۆ کوشتنی کەسێکی وا ، ئەویش لەم کاتانەدا کە کۆمەڵگەی جیهانی ئاماژە بە تاوانبار بوونی سووریە لە مەڕ کوشتنی "ڕەفیق حەریری" سەرەک وەزیرانی پێشووی لوبنان دەکات، هەروا بە ئاسانی باوەڕ ناکرێ.

ڕووداوەکانی دواتر ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە "غازی کەنعان" خۆکوژیی پێکراوە . واتا لەلایەن ناوەندی دەسەڵاتەوە، بەهۆی پلەوە پایەی (ڕابردووی) لە لوبنان، کوژراوە . بزانین چۆن.

پاش تێرورکردنی "ڕەفیق حەریری" ،لە مانگی فووریە دا ، بۆ دیتنەوەی بکوژەکانی ، هەموو چاوەکان سێرەیان لە دیمشق دەکرد. هۆیەکەشی زۆر ئاشکرا بوو . "حەریری" یەکێک لەو سیاسەتوانە لوبنانیانە بوو کە ڕاستەوخۆ دژی مانەوەی سووریە لە وڵاتەکەی بوو . ناوبراو چەندین جار (چ لەکاتی سەرەک وەزیریدا و چ پاشتر) بە ڕاشکاوی دژی بوونی لەشکری سووریە لە لوبنان هەڵوێستی گرت . تا ئەو جێگایەی کە بە زەبری دەست و پێوەندەکانی سووریە لە لوبنان (چ لە پارلیمان و چ لە نێو هێزەکانی نیزامی و ئەمنییەتیدا) ناچار دەستی لە سەرەک وەزیری کێشایەوە.

لە سەروبەندی هەڵبژاردنی نوێدا. حەریری وەک پێشقەراوڵی دژایەتیی داگیرکردنی لوبنان لە لایەن سووریەوە ، گەورەترین شانسی سەرکەوتنی هەبوو . بۆیە کاتێک لە مانگی فیبروار (فووریە)دا ، لە کردەوەیەکی تێروریستیدا بە تەقینەوەی بومبێکی کونترۆل کراو کوژرا . هەموو کەس دەیزانی کە کونترۆڵی بومبەکە لە دیمشقەوە وەکار خراوە.

پاش ئەو تێرورە سیاسییە ، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ( بە ئاگادار بوون لە دەوری سووریە ) کۆڕێکی لێکۆڵینەوەی بە سەرپەرستیی "مەیلیس" وەڕێ خست . ئەو کۆڕە پاش چەند مانگ لێکۆڵینەوە و پرس و جوو ، توانی بە ئەنجامی پێویست بگات . بۆیە لە سەرەتاکانی مانگی ئوکتوبر دا ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد کە پێشکەشی "نەتەوەکانی ئەکگرتوو"ی بکا. هێشتا دەقی ئەو ڕاپۆرتە بڵاو نەبووەوە ،کە ڕۆژنامەوانان ڕایانگەیاند ڕاپۆرتەکەی " مەیلیس " ڕوی تاوانی لە سووریەیە . ئەوەبوو کە جارێک ڕاگەیاندنی ئەو ڕاپۆرتە لە سەر داوای ئەندامانی "دەست و پێوەندەکان"ی سووریە لە دەوڵەتی لوبنان وەدوا خرا .

بزانین هۆی دواخستنی ئاشکراکردنی لێکۆڵینەوەی مەیلیس چی بووە .

بە پێی ڕاپۆرتەکەی مەیلیس دەوڵەتی سووریە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی «ماهێر ئەسەد» برای تاقانەی بەشار ئەسەد و «ئاسف شەوکەت» زاوای سەروککۆماری سووریە ( کە هەردووکیان لە خاوەن دەسەڵاتەکانی حکوومەتن) ، ڕاستەوخۆ دەسیان لەو تێرورەدا بووە. بۆیە مەیلیس داوای کردووە کە دەوڵەتی سووریە گەر دەیەوێ پێی بەم تێرورەوە نەگلێ ، دەبێ ئەم دووکەسە ، بە مەبەستی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بداتە دەستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە . مەلیس هەروەها داوای کردووە کە هەموو دارایی ئەم کەسانە دەستی بەسەردا بگیرێت و ئیجازەی سەفەریان پێنەدرێت.

هەر وەک باسکرا، پاش دەرکەوتنی هێندێک لە ناوڕۆکی لێکۆڵینەوەکەی مەیلیس ، دەوڵەتی لوبنان داوای کرد ڕاگەیاندنی وەدوا بکەوێ . لەو ماوەدا کە ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتەکەی مەلیس وەدوا خرا ، وەک بیستمان دەنگوباسی خۆ کوشتنی "غازی کەنعان" وەک شارەزاترین کەسی ناوەندە ئیستخباراتیەکانی سووریە لە لوبنان ، بڵاو کرایەوە . ئەوە لە کاتێکدا بوو کە چاوەڕوان دەکرا ناوبراویش، یا وەک تاوانبار ؛ یا وەک کەسێکی شارەزای شیوەکاری سووریە لە لوبنان بۆ لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بانگ کرابای . بەڵام وەک دیتمان پێش بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکەی مەیلیس ، خۆ کوژیان پێکرد .

ئیمەی کورد لەگەڵ خۆ کوژیی ئەوتۆدا ئاشناین . چوونکە وڵاتەکەمان بەسەر چوار دەسەڵاتی دیکتاتور ، تێروریست و مافیایی دا دابەشکراوە . دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی خۆیان شەرم لە هیچ جەنایەتێک ناکەن و گەر پێویست بکات تەنانەت گەورە مۆرەکانی خۆشیان دەکەنە قوربانی . لە تورکییە ، سەرککۆمارەکەیان(تورکوت ئوزاڵ) دەکوژن و دەڵین بە نەخۆشیی ڕاوەستانی دڵ مرد . لە ئێراق ، سەرۆککۆمارەکەی (سەدام حوسێن) ڕوحم بە خزمی خۆشی ناکا (عەدنان خێروڵا و مێردی کچەکەی و...) و هەر یەکە و لە ڕووداێکدا دەکوژرێن . لە ئێران کوڕی خومەینی ( ئەحمەد) بە زۆر سەکتەی پێدەکەن و گەورەترین داشی دەزگای ئیتلاعاتی خۆیان(سەعیدی ئیمامی) بە زەبری "واجبی" (دەرمانی خاوێن کردنەوەی ...) خۆ کوژیی پێدەکەن . بۆیە بێگومان خۆ کشتنی"غازی کەنعان" یش یەکەم جینایەتی لەو دەستەی دەسەڵاتدارانی سووریە نییە . بەڵام هەرچی هەیە ئەم جینایەتانە کاتێک ڕوو دەدەن کە دەسەڵات تووشی قەیرانە.

ئیمڕۆ دەسەڵاتی بنەماڵە ئەسەد و ئەفسەرە کودیتا چییەکان لەوپەڕی قەیرانی خویدایە . لە لایەکەوە کێشەی ڕوو لە گەشەی کوردی پێ چارەسەر ناکرێ . و لە لایەکی دیکەوە ترسی تەقینەوەی بێزاری و قینی کۆمەڵانی خەڵکی لە دڵدایە . هاوکات بە هۆی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی نامەعقووڵ لە ئاستی نیونەتەوەیی و لایەنگری لە ئاژاوەو و تێروریسم و هاودەستیی حکوومەتی ئێران، وڵاتانی ڕۆژئاو و بەتایبەت ئامریکا شووڵیان لێ توند کردووە. شان بە شانی ئەم قەیرانانە ، لە جیهانی عەرەبیشدا دۆستێکی نییە . واتا تەنانەت وەزعی ئێستای حکوومەتی سووریە لە سەردەمە هێرشی ئامریکا بۆ سەر ئێراق خراپترە . ئەوکات لانی کەم چەند وڵاتی عەرەبی و فەلەستینییەکان لە سەدام حوسێن پشتیوانیان کرد و دژی هێرشی ئامریکا هەڵویستیان گرت . بەڵام ئێستا دەبینین کە ئامریکا و فەرانسە و بریتانیا ، بریارنامەیەکیان دژی سووریە بردووەتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەکانی یەکگرتووەوە ، کەچی هیچ وڵاتێکی عەرەبی بەلایەنگری سووریە هەڵویسێکی نەگرتووە . هەر ئەوەشە کە چاوەڕوان دەکرێ ،بەشار ئەسەد ،گەرچی ڕەنگە بە ڕواڵەت هێندێک هەڕ و گیف بکات ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ،مل بە هەموو داخوازەکانی نەتەوەکانی یەکگرتوو ( لە ڕاستیدا ئامریکا) دەدات . چوونکە بۆ دەسەڵاتە مافیایەکان ، ڕاگرتنی دەسەڵات گرینگە . بۆ ئەم ڕاگرتنەش هەر تاوانێک دەدن و هەر سەرشۆڕی و ی ی پرنسیپییەک قەبووڵ دەکەن . چوونکە تۆڵەکەی لە خەڵکی بێ دەسەڵات دەکەنەوە .

**خەزەڵوەری 2005**